www.kurdistannet.org
29-11-2006 10:03بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## باڵایەکی تەڕ بە گۆرانی ... مامەند محەمەد قادر

کە گوڵەکان دەکرێنەوە
من گوێ لە گۆرانیەکانی تۆ دەگرم
کە بە ناخی دڵما
شۆڕ دەبنەوە.
کە گەڵاکان
لەژێر رشێنەی باراندا
دەلەرنەوە
من هەست بە ترپەی دڵی تۆ دەکەم
کە لە سنگمدا لێدەدا.
کە باڵندەکان لە بەرزی
بە شینایی ئاسماندا بڵاو دەبنەوە
من هەست بە هەنگاوەکانت دەکەم
کە مەوداکانی نائومێدیم دەبڕن.
ئەی بەهاری ژێر تریفەی نیگاکانم!
تۆ ئەوشۆخەی
کە گوڕت بە هەنگاوەکانم بەخشی و
وەك ئاوازێکی ئەفسوناوی
لە خەوی قووڵت راپەڕاندم.
ئەو هوزارەیت
لە هەناوما
گەرای برین دادەنێیت و
لە چاوەکانماش بریسکەی
یاخی بوونێکی پیرۆزیت.
ئەی هەناسەی نەقرتاوی چاوەڕوانیم،
ئەی ئەدرەسی پەروازەییم
لە کۆڵانە خوێناویەکانی بوونمدا!
تۆ بە کرانەوەی گوڵەکان و
بە لەرینەوەی گەڵاکان و
بە هەنگاوە دڵنیا و نەسرەوتەکانت
بڵێسەیەکی بە رەنگی رۆژەکانم
لە سەرما بەرجەستە دەبیت.